# ئەم مانگە مەعاشمان بەلیرەی تورکییە؟

**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

**هەرەشەو گوڕەشەکانی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان بەبیانووی راوەدونانی پەکەکە و یارمەتیدانیان لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە پەرەی سەندووەو خۆپیشاندانی کوردستانیانیش لە شارەکانی کوردستان و دەرەوەی وولات تابێ پەرە ئەستێنە و دەسەڵاتی هەرێمیش لێدوانەکانیان کورت کردۆتەوە و خۆیان ماتداوەو لە ئامادەسازیدان بۆ رووبەرووبونەوەی پێشمەرگەو سوپای نیزامی تورك و سوپایەکی مۆدرن لە ناتۆ کە بە سێهەم هێزی عەسکەری جیهانی دادەنرێت، کاتێ من ئەم ووتارە ئەنوسم ئەوەتاین لە کۆتاییەکانی مانگی** 2007/10،

**ئێستا هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەرەشەی جەنراڵەکانی تورکیادایەو ئەم هەرەشانەش گەر راستیش نەبن و بۆ فیزو خۆ گیڤکردنەوەو نیشاندانی هێزی تورك بن هەر مایەی سەرئێشەن و نابێ بەسەر بچێت، گەر هاش و هوشیش بن و مایەی مەترسیش نەبن وەك سەرۆك کۆمار ووتی ئەوا هەر گرفت و بێ پلانییە و زیانی کوشندەی لە دەروونی هاوولاتیانی کوردستان و سەروەری هەرێمەکەمان داوەو دەسەڵاتیش قبوڵی بکات ئەوا نابێت رۆشنبیران لێی بێدەنگ بن، تورکیا کە ئێستا گیرۆدەیە بەدەست دەیان قەیرانی ناوخۆیی خۆیەوە کە یەکێکیان دەرکەوتنی هێزێکی میانرەوی ئیسلامییە کە پارتی دادوەری و گەشەپێدانە و سیستمی کەمالی و عەلمانیەتی عەسکەری تورکیای خستۆتە ژێر پرسیار، دەیەوێت بەم هەنگاوتە هەموو قەیرانەکان هەڵمژێ و دەرەوەی سنورەکانی خۆی نائارام بکات و هاوکێشەیەکی ئیقلیمی نەخوازراو بهێنێتە ئاراو کێشەی کەرکوکیش دوابخات بۆ دەیان ساڵی دی و ئەزموونی هەرێمیش بکاتە قوربانی و بەم کارەش سەرنجی دونیا بەلای خۆیدا راکێشێ، ئیتر گرنگ نییە چەند قورس لەسەری ئەکەوێت و چەند زیانی ئابوری بەردەکەوێت و هێندەی تر ئابوری ئەتەپێ و سەربازو جەندرمەکانی ئەبنە قوربانی ئەم شەرە بێ ئامانە، بەڵام تورکیاو هەر دەوڵەتێکی تۆتالیتارو دیکتاتۆرو توندرەو هەرگیز بیر ناکەنەوە بە ئاراستەی خوێندنەوەی دیوە شاراوەکانی جەنگ و کوشت و کوشتارو هەرەشەو لەشکرکێشیدا، یان کاردانەوە خراپ و نەگەتیڤەکانی هەرەشەو جەنگدا، وەك چۆن سەدام و رژێمی بەعس ئەو دیوە شاراوانەی نەبینی و سەرەنجامی جەنگی ئێران و لەشکرکێشی بۆ کوەیت و سەرچڵیەکانی، بە چ ئاقارێکی دۆراندا رۆشت و سەری عەرەبیشی بۆ چەندین ساڵ زەلیل و رسواکرد، ئێستاش بیرکردنەوەی تورکەکان هەمان بیرکردنەوەی بەعسیەکانی پێش شەری کەنداوی یەکەم و کەنداوی دووەمە کە چیان بەسەر هات لە هەردوو پرۆسەی گەردەلولی بیابان و رێوی بیاباندا تا لە** 2003/4/9 **بۆ تائەبەد عەرشی دیکتاتۆریەتیش تێکشکێنراو رەمزەکانیشیان بەر سزای سێدارەی گەل کەوتن، ئەوا گریمان تورکیاش هات و پەلامارەکەی سەریگرت و هەموو دۆو دۆشاوەکانی تێکەڵکردوو قاچەکانی خستە ئەم دیو هەرێم و ناو خاکی کوردستان و چەکمەی عەسکەرتاریەتی خۆی و سوپاو زرێپۆش و دەبابەکانی هێناو خۆی درێژکردەوەو تەنانەت هەولێری پایتەختیشیان بەزاند بەرەو کەرکوك و بەم ئۆپەراسیۆنەش ئەزمونی کوردستانیان لەباربردو کەرکوکیشی کۆنترۆڵکرد و موچەی ئەم مانگەشمان بووبە لیرەی تورکی لەبری دینار، ئاخۆ بە دڵی خۆیان یەك لیتر ئاو ئەخۆنەوەو یەك لیرەی زیادە ئەخەنە قاسەکەیان؟ ئاخۆ مەنتیق رێگە ئەدات ئەو تورکانە بسرەون و حکومەتی فراوانی تورکیا رابگەیەنن و پەیامی کوردقران و پەکەکە قرانیش رابگەیەنن بە جیهاندا؟ ئەمە لە کوێی مەنتیقی سیاسیدا جێگای ئەبێتەوە جگە لە قوتوی عەتاری قوروچییە ئەتاتورکەکاندا نەبێ؟ ئاخۆ بەو جۆرەو بەو تێزە قەندیل کۆنترۆڵ ئەکەن و پەکەکە لەناو ئەچێ یان بەهێزتر ئەبێ و سەدان هەزار پێشمەرگەی دیکەشیان بۆ زیاد ئەبێ؟ ئاخۆ بەم خەیاڵە یۆتۆپییەش ئۆخژن ئەیانگرێ و ئەتوانن سنوری قەڵەمرەویەکەیان درێژ بکەنەوەو خەونەکانیان وەدی بهێنن؟ یان هەر گەمەیەکە بە ئاگرو سەرکێشیەکی شۆڤێنیانەیەو ئەیانەوێت شلوێمان بکەن و دەستەمۆمان بکەن تا دەست هەڵگرین لەو مافە بنەرەتیانەی کەرکوك و ئەوەی ئەوان گەرەکیان بێت بۆیان جێبەجێ بکەین، وەك چۆن بەداخەوە لە ساڵانی رابردوودا بەدەستی خۆمان ئەمانکردن بە لایەنێکی شەڕی ناوخۆو موجامەلەمان ئەکردن و دەستمان ئەگرتن و بە ئارەزوی خۆیان کوردستانیان کردبووە مەکۆی میت و رادیۆو تەلەفزیۆن و زانکۆی تورکی و تورکمان و کۆمپانیاو کەسایەتیە تورکیەکان و ئۆفیسمان لە خاکی ئەواندا ئەکردەوەو ئەمانکردن بە دۆست و تەنانەت**

حەزمانئەکرد لە ناو کۆشکەکانی جانقایای ئەنکەرەشدا هاوشێوەی کوردستان کۆشك و تەلارمان هەبوایە، دەبێ بزانین تورك و عەرەب و فارس هیچیان دۆستمان نین و ئێستاش دۆستی کورد تەنها کورد خۆیەتی و خۆی لەگەڵ شاخەکاندا.